

# دەستم لە سنگی -با-دایە

عیرفان ئەحمەد

بنووسن، پەنجەکانم بنووسن
سرووشتم، سرووشکم بنووسنەوە
ڕۆژانیٚ هاوڕێی ئەو چەمە بووم
لە وەرزی خوڕەییدا
دۆستی شەنگەبی بووم..
لە سەروەختی لەنجەیدا
ئەی تەمەنی گوریس ئاسا
منداڵی لە جۆلانە ئەچوو
هێندە گوژمی غەریبیتان بە من لێدا
تا شیعرم هەڵهێنایەوە
لە دڵی ڕەقی بەڕوودا، لە فرمێسکی هێشوودا

دانیشتمو شیعرم نووسی
تا واوەیلای ئەم سرووشتەم، کردە مەقامی ئەحزانو
تا گریانەکانی خواوەندم لە سەرزەمین شەتڵ کردو
گەورەییم بۆ باخچەکانی عەشق رواند
لە تەک زۆر دیمەنا رامام
شکانەوەی قاچەکانی مراوی لەنێو چەمی رۆشندا
نیشتنەوەی پوشکەیەک
بەسەر سێبەری تەنافەوە
لەبەر عەشق پاڕامەوە، تا ئێسقانم بوو بە لۆکە
هێندە چەپڵەم بۆ فڕینی کۆترەکان لێدا
تا پەنجەکانم تێکەڵ بوون.. لە یەکتری جیانەکرانەوە
تەماشای زۆر پەنجەرەم کرد
تا سەرنجم درزی تێکەوت.. !
تا بێستونی ئەویندارییم کوناودەرکرد
گەلێ شیرنیم لەدەست چوو
بنووسن، پەنجەکانم
رەنگە دەمەو ئێوارەیەک بە لقی دارهەنارێکەوە
جێتان بێڵم
دەشێ وشیاریم با بیباو
شێتبوون شەنوکەو بکەم
چیرۆکی ئەو منداڵە ئەنفالە بنووسنەوە
لە گۆشەی زیندانەوە
تیشکی گەشی مانگی یەک شەو دەبینێ
شەوانە کاتی نووستن
بە قژی وشکو ئاڵۆسکاوی دایکی وازی دەکات
ئیتر ئەنوێ
هەتا کەون فوو لە چرای زەمین دەکات.. !
لە خەمەوە بوومە شاعیر
خەم دەریای مەرەکەبەو خەم سەحرای دەفتەری رووتم
خەم شەقامی شادمانی
خەم ئەستەنگو هەڵەمووتم.. !
خەم وایلێکردم بزانم
کەناری بۆ لە حەزا ئەمرێ؟
بۆچی مارەکان لە شەڕدا پێدەکەنن..؟

بۆ ئەنفال وەك شالآوی گڕی عرووبە
چادرو هەواری کیژەکانی بنار چیای کردە سووتوو..؟
بۆ هەڵەبجە بۆ لەحزەیەك
ماسیگرەو منالّو شیعری تیا نەما..؟
ئای سەری پڕ نوورو هیوا
ئێوە جوانترین قەسیدەن
دڵم دەستتانەو دەماریشم پەنجەکانتان
جەستەکان بنووسنەوە
لەبەر حەوشەی پیرەکاندا شاتوو و خوێنتان لێ تێکنەچێ
زەمەن گوێزانێکی تیژەو
مێژوویش خوێنی مەیوە بە لاپەڕەکانی درۆوە
بنووسن پەنجەکانم
چیرۆکی منو ئەو کیژەی
دوو جریوەی دڵداری بووین بەسەر چڵی ئاواتەوە
خڕکە بەردێکی لاسار لێکی کردین..!
ئێستاش کانی چاوەکانی
پەپولەکانی نەسرەوتنمی تێئالآون
ئێستاش تینووی هارمۆنیایەکی پەمەییە..!
ئێستاش لای ئەو یادەوەری
شانە هەنگوینە لەناو کلۆرە درەختی
سالّ خوردەیدا..!
ئەی ئێستا بایەوانی کەشتییەکانی
یان خەونێکی بێ سەولّ، بێ دەریا
لێت ئەپرسم..
پەنجەرەیەکی رووناکی
یاخود مشتێ وردە شووشە
دڵت پڕە لە سەرچنار..؟
سرکی وەکو ئاسکەکان..؟
تەنکە رەوی وەك قلیاسان..؟
وەکو زەڵم هەر هاژەت دێ..؟
وەك شارەزوور لێوەکانت قڵیشاون..؟
لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا پرچەکانت سپی دەبن..؟
یان بۆنخۆشی وەکو ڕێحانەی دێراو و
گوڵی ئینجانەی بەر هەیوان..؟

بنووسین.. پەنجەکان
چیرۆکی ئەو جەنگاوەرەی
چراو تفەنگێکی هەبوو
لەگەڵ گوندێکی تەڕوبڕ
ئێواران لە چەمەکان سەردی دەشت
شەوان بەر لە نووستن ئەستێرەو ئازادیی دەژمارد
بەیانیانیش.. لەنێو رەزان
لە هەر بۆڵێ دەنکێ ترێ
دە رێی هەبوو بۆ هێرش‌و
بۆ پاشەکشێ هەر یەك رێ..!
ئێستاش وا نیو سەدەیە
لەنێو رەزان راکشاوەو خەون دەبینێ..!
خەونی سپی.. مەرگی سپی
خەونی رۆشنی سەربەستی..!
بایەك پێش باران هەڵدەکات
هەنجیرەکانی دەوەرێنێ
تا شەقامی بەیانی شیرینتربێ
بایەك ئێواران هەڵدەکات
حەوشە بە گەڵا ئەچنێ بۆ سەمایەکی سرکتر
سەما.. سەما..